The Center of Halabja
*Against Anfalization and*
*Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendi Helebce
*Dj be Enfalkirdin u*
*Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

## پیرۆزبای کەمپینی داواکاری خەڵکی هەڵەبجە بۆ هێنانی سزای تاوانبار علی کیمیاوی بۆ هەڵەبجە بەبۆنەی نزیک بۆنەوە لە هاتنە دی ئەو خواستەیانەوە.

**بۆ ڕای گشتی جەماوەری کوردستان**

بەڕێزان دوای ئەوەی لە سەرەتای مانگی ڕابردودا لەهەڵەبجەی شەهید کەمپینێکمان ڕێکخست بۆ داواکردنی هێنانی جێبەجێکردنی هەر سزایەکی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە بەرامبەر تاوانبار علی کیمیاوی لەهەمبەر کەیسی ئەنفال بهێنرێتە هەڵەبجەو لەوێ جێبەجێ بکرێت لەشارێك کە گەورەترین تاوانی تێدا ئەنجام داوە، ئەو کەمپینەی ئێمە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات لە لایەن کوردانەوە پشتگیری لێ کرا.

ئێستا دوای ئەوەی لەلایەن ژمارەیەك میدیاوە لەسەر زاری نوری مالکی سەرەك وەزیرانی عێراقو چەند بەرپرسێکی دی عێراقیەوە نەبونی دژایەتی ئەو خواستەی هەڵەبجەیەکانیان نیشانداوەو دەرکەوتووە لاریان نیە لەوەی ئەو سزایە لەهەڵەبجە جێبەجێبکرێت، وە پاش ئەوەی دوێنی 7/14 بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد صالح لەگەڵ ژمارەیەك لەکەسوکاری هەڵەبجەیەکاندا کۆبویەوە ئاشکرای کرد جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لەهەڵەبجە زۆر نزیکەو هیچ ڕێگریەك نیە لەبەر دەمیدا، ئێمە خۆشحاڵی خۆمان لەبەرامبەر ئەمەدا دەردەبڕینو بەگەرمی پرۆزبای لەو کەسانە ئەکەین لەکەمپینەکەماندا بەشداریان کرد بەتایبەتی و بەگشتی لەهەموو گەلی کورد، وائەزانین جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ئەگەرچی خەمی هەڵەبجەیەکان لە هەمبەر پشتگوێخستنی کەیسی شارەکەیان لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە کەم ناکاتەوە بەڵام ئەو کارەش قەرەبوویەکی مەعنەویە بۆ خەڵکی هەڵەبجەو بەشی زۆری هەڵەبجەیەکان ئاسودە دەکات، وە لەمێژوودا تۆمار ئەکرێتو بەدەستکەوتێکی مێژووی نەتەوەی کوردی ئەبینین.

پێمان خۆشە ئەوەش ڕۆنبکەینەوە کە کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی کە لەقۆناغی دووەمی کاری ئەو کەمپینەدا هاتە ناو کەمپینەکە دوێنی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نوسیدا لەو کەمپینە کشانەوەو دژایەتی خۆی بۆ خواسی داواکاری هێنانی سزای تاوانباری بۆ هەڵەبجە دەربڕیو ئاشکرایان کرد ئەوان هیچکات لەگەڵ لەسێدارەدانی علی کیمیاویدا نین لە هەڵەبجە، ئێمە وەك کەمپینی ناوبراو ئاشکرای دەکەین ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی ناوبراو پرسیارگەلێکمان لادروست دەکات بەڵام ڕێز لەهەموو بۆچونێك دەگرینو خوازیارین بەو بڕیارەی خۆیان ئاسودەبن، وە ئاشکرای دەکەین ئێمە ئێستاش سورین لەسەر داواکەمانو تاجێبەجێکردنی سزاکە لەهەڵەبجە ئێمە ئەوداوایەی خۆمان هەر دوبارە ئەکەینەوە.

تاساتی لەسێدارەدانی تاوانبار علی کیمیاوی خوازیاری ئەوەین هەموو کوردان لەسەر پشتگیری خۆیان بۆ ئەو داوایەی خەڵکی هەڵەبجە بەردەوام بن.

بەهیوای ئاسودە بونی هەمیشەی خەڵکی هەڵەبجە

رێکخەرانی کەمپینەکە

کۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاک

گروپی چاودێریو بەدوادا چونی هەڵەبجە

سەنتەری پەرەپێدانو دیموکراسی مافی مرۆڤ **D.H.R.H** ئۆفیسی هەڵەبجە

**2007/7/15**